سەماحەتی حەکیم پاپشتی عیراق بە ئێران دووپات دەکاتەوە و داوای یەکخستنی ڕیزەکانی ناوخۆیی و یەکگرتنی نیشتمانی دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی ، لەمیانەی میوانداری کردنی لە دیوانی نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەغدا، جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پاپشتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەووبەووبوونەوەکانی ئێم دوایین، وەرای پابەندبوونی ئێران بە بنەما شەرعی و مرۆییەکانی ووونی لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەسەی ئێتمی.
سەماحەتی ئاماژەی کرد کە هەموو جیهان بەو هەرشەی ئیسرائیل تووشی سوپرایز بوون وەرای ئەوەی کە دانوستاندن هەیە، گوتیشی ئیران دەوڵەتکی دام دەزگایی و دەتوانیت ئەو زیانانە تیپەڕ بکاتبە قۆناغبووکردنەوەی پێستە سەرکردایەتییەکان بە کەسانی شایستە و بەخیراییەکی زۆریش.

هەروەها جەختی کردەوە کە شێ بە یەك گەڵ یەکلایی ناکرێتەوە و دیاری ناکرێتبەکو ئەوە دەوڵەتکی یەك بەدوای یەکە و ستایشی یەکێزی هەوڵستی ئێرانی لەووی ناوخۆیی کرد بەرامبەر ئەو قەیرانەی ڕووبدا.
هەر لەم چوارچێوەیدا بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆی عێراق کردەوە لە میانەی بارودۆخ گرژکەدا، هەروەها تێئکیدی لەوە کردەوە کە تایفەگەری لەم دۆخدا تاوانێکی نەتەوەیی دژنەنەت و داوای بەهێزکردنی بەهاکانی یەکێزی و هەمەچێشنی کرد کە سەروەت و سامانێکی ئاستقینە پێکدەهێنن گفتوگۆکردن لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و بە گرنگ و بناغەیی بە قۆناغی داهاتوو.

هەروەها ستایشی هێژی نوکردنەوەی کارتی بایەمتری کرد و داوای ئامادەکردنی ژینگەیەکی هاندەر بە بەشداری بەرفراوان و هەشیارانە کرد، هەروەها ئاماژەی بە هەڵپەساردنی هەڵبژاردنەکانی دەرەوەی وڵات کرد بەهۆی تێچوونی بەرز و کەمی بەشداری و داوای لە نوخبەکان کرد بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی هاوڵاتیان لە گرنگی ئەم پرەسە دیموکراسییە لە ئێستە بگرن...

سەبارەت بە دۆخی سیاسی ناوخۆیی سەماحەتی حەکیم گرنگی بنیاتنانی دەوڵەتی لەسەر بنەمای ژیرانە و دادپەروەرانە دووپات کردەوە و گوتی سستەمی پەرلەمانی گرێنتییە بە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکان و ئاماژەی کرد کە گرنگە بەرنامە ستراتیژییەکان ئەکتیف بکرێت لەوانەی کە پێشینەی واقعین و گرنگن، هەروەها دەبێت پێستە ئیداریەکان بە خێکی کارامە بدرێت دوور لە بەش بەشنە.
.
هەروەها ئاماژەی بەوشکرد کە هاوپەیمانی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێش هەڵبژاردن ڕوانگە و بەرنامەیەکی واقیعیانە پێشکێش دەکات و لەگەڵی سەردانەکانی بە پارێزگاکان هەوڵ دەدات یەکریزی بەهێز

بکات و لە پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە بەرەو تێکەڵاوبوونی ئەرێنی بگوازێتەوە لە بەرەوەبردنی هەڵچێشنیدا.

لە دەسپێکی خزمەتگوزاریدا بەڕێز حەکیم داوای دادپەروەری بە کەم ئەندامان و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان کردەوە و جەختی لەسەر پێویستی چارەسەرکردنی ناکێشەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی دەستووری و تە کنیکی کردەوە.
لەکۆتایی قسەکانیدا سەماحەتی ئاماژەی کرد کە گرنگە بە عەقدی کۆمەڵایەتی و دەستوور کە گەرەنتییەر بە ئاوەژی پێکهاتەکان نوێنەرایەتیان هەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، هەروەها پێویستی بە چارەسەری واقیعی هەیە بە قەیرانی کەم ئاوی لەگەڵی بەکارهێنانی ئامیری مەدەرن بە ئاودان و کە دەبێتە هۆی بەردەوامی سەرچاوە ئاوییەکان.